# لیستی 730 دوا پەیامە بۆ چارەنووسی کورد، ... دلێر محمود سابیر

لەوەی گەڕێن کە گەندەڵی باڵی کێشاوە بە سەر هەمووعێراق و کوردستان دا، . کە دیارە ئەمەش هەلێکی فرە لە بارە بۆ چاو چنۆك و تێر نەخۆرەکان بە ئارەزووی خۆیان گیرفان پڕ کەن و خۆیان دەوڵەمەند کەن لە ژێر سایەی دەسەڵاتێکی تا سەر ئێسقان پەرتەوازەو بێ ئیقتیداردا، سوڵتەیەکی بێ بەرنامەو پڕ لە کێشەو گیرو گرفت و بێ چارەسەر، ئێمە ئەمڕۆ لە بەر دەمی مێژوویەکداین کە ئەگەر بە عاقڵی ڕەفتاری لە گەڵ نەکەین، هەرگیز دوو بارە نابێتەوە، کاتێ ئەم گەلە داوای چارەنووس ئەکات، کەواتە ئەبێ هەل و مەرجی خۆی بۆ دابین بکات، ئەویش بە لە خۆ بوردن و تا ڕادەیەك چاوپۆشی کردن لە هەموو ئەو سلبیاتە نارەوایانەی کە بەرۆکی ئیدارەی کوردستان و هەردوو دەسەڵاتەکەی هەرێمی گرتووە، هەڵوێست وەرگرتن بە خۆ پیشان دان و ناڕەزایی دەربڕین و فشاری جۆراو جۆر بە یەك ڕەنگ و یەك دەنگ و نەهێشتنی دوورە پەرێزی، تا هەموو بنە کۆپلەیەك لە بێزاری و یەك دەستی دژ بەو بەڵای یەك نەگرتنەی کە هیچ هێزو لایەنێکی کوردی حسابی بۆ ناکات کە دەربیان خست بە درێژایی ئەو 14 ساڵە دەنگی گەلیان لاوە خستووە، کەچی درك بەوەش ئەکەن کە چارەنووسیان هەر لە ڕێی گەلەوەیە بۆیە پەنا ئەبەنەوە بەر وەعدو بەڵێنی کاتی و بێ بنەما بە جەماوەر تا ئیشەکانیان سەر بگرێ و دیارە ئەمە چەندین جارە باش بۆیان لواوە و بۆیان بۆتە دەوڵەت و خێرو خۆشی، پێویستە هەموو خەڵکی کوردستان ئەو ڕاستیە بزانن کە هیچ حیزب و تاقم و گرووپێك تا سەر حوکمڕانی ناکات نەك لای خۆمان بەڵکو لە سەرتا سەری دنیادا، ئەوەی کە ئەمێنێتەوە خەڵکەکەیە، کەواتە میللەت ئەو زیخ و لم و بەردو شاخە خۆ ڕاگرەیە کە ئەمێنێتەوە و هیچ هێزێ نای جوڵێنی، وەك ئەڵێن بەرد لە جێی خۆی سەنگینە دیارە هەر ئەو بەردەیە کە ناوی میللەتە. لەوەی گەڕێن کە ئەچن بۆ دەنگدان واتێ بگەن بەم لایەن دەنگ و ئەو لایەن ئەدەن، نەخێر بەڵکو دەنگ بە مانەوەی میللەتێك ئەدەن کە خاوەنی ئیرادەو ئیدارەی خۆی بێت لە دوا ڕۆژێکی ڕووناکتردا کە پاش دەستوور مافی تاکەکانی خەڵك دەر ئەکەوێ و بە پێی ئەو دەستوورە ئیدارەکان ئەکەونە ژێر گوشاری خەڵکەوە زیاتر و لێ پرسینەوەیان لە گەڵ ئەکرێ، ئەوسا بەو شێوە بەرەڵاییە نابێ پارە ڕژابێ و هەرکەسە بۆ خۆی پەلامار بدات، لێی گەڕێن هەڵبەتەئەو ڕۆژە دێ کە ئەوانەی بوونەتە مایەی گەندەڵی وشێواندنی ژیانی میللەت بەرەو ڕووی لێپرسینەوەی خۆیان ئەبنەوە و نهێنی ئەم هەموو تاڵان و دزینە سەر هەڵئەدات و بۆ میللەت ئاشکرا ئەبێت و ڕیسوا ئەکرێن، ئەوەی ئەمڕۆ میللەتی پێ ئاسوودە ئەبێ تەنهاو تەنها سەرفی نەزەرە لە هەموو کارێکی ناڕەوا بکەین و قیروسیا بکەین لەوەی بوو پێشتر و فریای سبەینێمان کەوین کە لە بەر دەم تاقی کردنەوەیەکی مێژوویداین وهەڕەشەی درووست بوونەوەی دەسەڵاتێکی دڕندەی عەرەبی سوننەو شیعەمان لە سەرە ئەگەر خوا بەو ڕۆژە نەکات دەنگی ئێمە لە پەرلەمانی عێراقدا لەو ڕێژەیەدا نەبێت کە پێویست بێ، ئومێدەوارم نەچینە ژێر ڕکێفی کەسانی نا مەسئول و گێرە شێوێنەوە کە لە هەوڵدان دان بۆ درووست کردنی ئاستەنگێك لە بەر دەمی خەڵکیدا کە نەچن بۆ دەنگ دان، کە نیشانەی دوا خستن و لە بار بردنی ئاواتەکانمانە و زۆر ئیمتیازاتی گەورەش لە دەست ئەدەین، کە بێ گومان مەترسیەکی زۆری هەیە بۆ داواکانی کورد، دەنگ بدەن و سەربەرزی لە ژیانی

خۆتا تۆمارکەو خاوەنی بڕیاری خۆتان بن گوێ بە قسەی پڕو پووچی سەرلێ شێواوان مەدەن ئەوەی ئێوە تۆماری ئەکەن تەنها سەروەریەکی پڕ لە ڕێزە بۆ خۆت و گەلەکەت، با لە دوا سالانی تەمەنتا سزای ویژدان پەرێشانت نەکات ئەوسا پەشیمانی بۆ دەنگ نەدان و دابین کردنی پاشەڕۆژی گەلەکەت چ دادێکت ئەدا. ئەکرێت واش پێویست بکات هەر لە ئێستاوە هەنگاو بنێن بە فەرز کردنی ئەمری واقیع و هەڕەشە لە هەردوو حیزبی دەسەڵات بەوەی کە ئەگەر پێش هەڵبژارن یەك نەگرنەوە ئێمەش دەرگاکانی هەڵبژاردن لە سەر ئێوە دائەخەین، کە ئەوسا گلەیی لە سەر هیچ کوردێك نامێنێ و وا باشە بە خۆیاندا بچنەوە پێش ئەوەی داس بکەوێ بە سەریاند.

(قبل ان یقع الفاس بالراس)